# کورتە

Natalia Skogberg, Päivikki Koponen, Eero Lilja, Sara Austero, Tyler Prinkey, Anu E. Castaneda. Impact of Covid-19 on the health and wellbeing of persons who migrated to Finland. The MigCOVID Survey 2020–2021.

کاریگەرییەکانی پەتای Covid-19 بۆ سەر تەندروستی و خۆشگوزەرانیی کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند. لێکۆڵینەوەی MigCOVID 2020-2021.

ڕاپۆرت: 8/2021. هێلسینکی، فینلاند 2021. ISBN978-952-343-682-4 (چاپ کراو) ؛ ISBN978-952-343-683-1 بڵاوکراوەی سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

پەتای Covid-19 و ڕێگرییەکانی پەیوەندیدار بەو پەتایە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبووە بۆ سەر تەندروستیی کۆمەڵگە. کاریگەرییەکان بەهێزتر بوون بۆ سەر ئەو کەسانەی پێش پەتای Covid-19ش بار و دۆخیان لە کۆمەڵگەدا لاوازتر بوو. ئامانجی ئەو ڕاپۆرتە ڕوون کردنەوە بوو لە بارەی کاریگەریی Covid-19 بۆ سەر ژیانی ڕۆژانە، تەندروستی، تەندروستیی دەروونی و ئاستی باشیی ژیانی ئەو کەسانەی کۆچیان بۆ فینلاند کردووە.

لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەو زانیارییانە بەکار هێنران کە لە لێکۆڵینەوەی " کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا بۆ سەر خۆشگوزەرانیی کەسانی لە دایکبووی دەرەوەی وڵات (MigCOVID)" دا، کە لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی و خۆشگوزەرانی ڕێکخرابوو، بەدەست هێنرابوون. زانیارییەکان لە مانگی دەی 2020 ڕا تا مانگی دووی 2021 کۆکرانەوە واتا هاوکات لەگەڵ شەپۆلی دووەمی Covid-19 لە فینلاند. سەرجەم 668 3 کەسی تەمەن 20 تا 66 ساڵ لە لێکۆڵینەوەی MigCOVID دا بەشدار بوون. ڕادەی بەشداری 60٪ بوو. زانیاریی کەسانی هاو تەمەن لە لێکۆڵینەوەی FinTerveys 2021 دا وەک زانیاریی هەمووی کۆمەڵگە (بەشداران 490 3، ڕادەی بەشداری 51٪) بۆ بەراوردکردن بەکار هێنران.

بەراورد بە هەمووی کۆمەڵگە جیاوازیی واتادار (گرینگ) لەوەدا دەرکەوت کە بەشێکی گەورەتری ئەو کەسانەی کۆچیان کردوە بۆ فینلاند نیگەرانیان بەرامبەر بە پەتای Covid-19 هەبوو. نیگەرانییەکان پەیوەندییان هەبوو بە گرتنەوەی Covid-19 (هەموی کۆمەڵگە 18٪ بەرامبەر بەو کەسانەی کۆچیان بۆ فینلاند کردووە 29٪)، تووش کردنی کەسێکی تر (31٪ بەرامبەر بە 39٪)، تووش بوونی کەسێکی نیزیک بە ڤایرۆسەکە (40٪ بەرامبەر بە 52٪)، تووش بوون بە جیاکاری یان خۆ لێ لادان بە هۆی Covid-19 وە (7٪ بەرامبەر بە 16٪) بەردەوام بوونی کار (8٪ بەرامبەر بە 30٪)، تواناکانی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت بۆ حەل کردنی ئەو کریزە (14٪ بەرامبەر بە 25٪) و توانایی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بۆ چارەسەر کردنی هەموو نەخۆشەکان (15٪ بەرامبەر بە 29٪).

بەراورد بە هەمووی کۆمەڵگە، بەشێکی گەورەتر و بەرچاوتری کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند، باسیان کرد لە کەمبوونەوەی هیواداریيان بەرامبەر بە داهاتوو (هەموی کۆمەڵگە 30٪ بەراورد بە کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند 38٪) و زیادبوونی هەستکردن بە تەنیایی (28٪ بەراورد بە 36٪)، گرفت لە خەولێکەوتندا (10٪ بەراورد بە 18٪) و جگەرە کێشانیان (2٪ بەراورد بە 4٪). لەو کەسانەی کۆچیان کردووە بۆ فینلاند، 9٪ باسیان لە کەمبوونەوەی هەستی ئەمنییەت لە ماڵی خۆیاندا و 39٪ باسیان لەکەمبوونەوەی چالاکی جەستەیی کرد. هەروەها لەو کەسانەیدا کە گوتبوویان زۆر یان یەکجارزۆر بار و دۆخی داراییان لاوازتر بووە جیاوازییەکی بەرچاو دیترا (هەموی کۆمەڵگە 6٪ بەراورد بە کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند 23٪). بۆ هێندێک کەس پەتای Covid-19 هەروەها کاریگەریی ئەرێنیشی هەبوو. بەراورد بە هەموی کۆمەڵگە، کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند زۆرتر باسیان لە زیاد بوونی پەیوەندی گرتن لەگەڵ هاوڕێیانیان (هەموی کۆمەڵگە 7٪ بەراورد بە کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند 16٪) و هیواداری بەرامبەر بە داهاتوو دا (7٪ بەراورد بە 20٪) کرد و هەروەها باسیان لە کەمبوونەوەی تەنیایی (2٪ بەراورد بە 6٪)، جیاوازی بیر و بۆچوونی ناو بنەماڵە (3٪ بەراورد بە 6٪) و خواردنی بەرکوتی نێوان ژەم (5٪ بەراورد بە 9٪) دا کرد.

سەرجەم 15٪ لەو کەسانەی کۆچیان کردوە بۆ فینلاند باسیان لەوە کرد کە لە کاتی پەتای Covid-19 دا لە جاران زیادتر بێڕێزیان بەرامبەر کراوە، بە وشە ئازار دراون، هەڕەشەیان لێ کراوە یان بێزار کراون. ئەو کەسانەی لەوانی تر زیادتر بێڕێزیان بەرامبەر کراوە (11٪ی هەموی ئەو کەسانەی بەشدار لە لێکۆڵینەوەکەدا)، 46٪ گوتیان کە ئەوە لانیکەم هەموو حەفتەیەک ڕووی داوە. لەو کەسانەی بە ناوی ناشیرین بانگ کرابوون یان بە شێوەیەکی تری وشەیی ئازار درابوون (7٪)، 35٪ یان گوتیان کە ئەوە لانیکەم هەموو حەفتەیەک ڕووی داوە. پێنج لە سەتی کەسانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەکە باسی هەڕەشە و بێزارکردنیان کردبوو. لەوان دا 24٪ گوتیان کە ئەوە لانیکەم هەموو حەفتەیەک ڕوویداوە.

سەرجەم 81٪ی کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند و 84٪ی هەمووی کۆمەڵگە گوتیان کە بە تەواوی توانای کاریان هەیە. بەراورد بە هەمووی کۆمەڵگە جیاوازی بەرچاو لە بوارەکانی تری تەندروستی، توانایی چالاکی و خۆشگوزەرانی دا دیترا. بەراورد بە هەمووی کۆمەڵگە، کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند کەمتر باسیان لەوەکرد کە تەندروستیان باش یان تا ڕادەیەک باش بێت (هەمووی کۆمەڵگە 80٪ بەراود بە کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند 70٪)، بیریان بە باشی یان زۆر بە باشی کار بکات (82٪ بەراورد بە 75٪) بار و دۆخی ژیانیان زۆر باش یان باش بێت (78٪ بەراورد بە 70٪) ، و لەوبەرەوە هەبوونی فشاری (زەختی) دەروونی (11٪ بەراورد بە 20٪) و ڕێگری سەختی چالاکبوون (5٪ بەراورد بە 11٪) لە ناو هەمووی کۆمەڵگەدا بەرزتر بوون.

کاریگەرییەکانی پەتای Covid-19 بۆ سەر تەندروستی و خۆشگوزەرانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەشێکی گەورەی بوارەکانی تەندروستی و خۆشگوزەرانی دا لە نێوان کەسانی کۆچکردوو بۆ فینلاند بەهێز تر بوون بەراورد بە هەمووی کۆمەڵگە. لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو دا دەبێ ڕوونکردنەوە لەسەر هۆکارە بنچینەییەکان و ئەوە بدرێت کە ئایا کاریگەرە نەرێنییەکانی پەتای Covid-19 خڕدەبنەوە سەر هێندێک کۆمەڵە. هەروەها باشە لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی تێپەڕاندنی کریزوە بۆ ئەو کاریگەرییە ئەرێنیانەی Covid-19 بۆ سەر هێندێک لە کەسانی بەشداری هەبووە، بکرێت.

وشە سەرەکییەکان: Covid-19؛ ڤایرۆسی کۆڕۆنا؛ MigCovid؛ کۆچبەر؛ کۆچبەری؛ تەندروستی؛ تەندروستیی دەروون؛ خۆشگوزەرانی؛ جیاکاری؛ توانایی چالاکی؛ نیگەرانییەکان؛ ژیانی ڕۆژانە؛ شێوازی ژیان.